به ناوی کوردستانی گەورە !

# ئایا تەواوی ئەوانەی خەڵکی ئێرانن، زمانیان فارسیە و بەفارسی بیردەکەنەوە؟؟؟!!!

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

جاری وا هەیە، کە قسەی سەیری وا دەبیستین، لە قوتوی کۆنی هیچ عەتتارێکی هەورامان دا نیە. یەکێک لەم قسە حەمتەلە رەمەکیانە، ئەم رستەیە بو، کە پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٣/٦/٢٦، وێژەرێکی ئافرەتی یەکێک لە رادیۆ فارسی زمانەکانی شاری لۆسانجێلێس، لە ئامریکا، بە دڵنیاییەکی زۆر سەیرەوە وتی :

... فارسی زبان همه ایرانی ها است و ایرانیان همگی به زبان فارسی می اندیشند ...، کە یانی " فارسی زمانی گشت ئێرانیەکانە و ئێرانی گەل گشتیان بە زمانی فارسی بیر دەکەنەوە ".

لە بیستنی ئەم وردە فەرمایشە گۆترەیە، تەنانەت کەللەی چۆچەی گاوانیش لە بەر سەرسووڕمان، چەشنی پاپۆڕی هەڵم، سووت دەکێشێ :

زۆرم پێ سەیرە ! کەی زمانی فارسی، زمانی گشت ئێرانیەکانە ؟ ئەی نزیکەی ١٢ میلیۆن نەفەر کورد، نزیکەی سی میلیۆن نەفەر ترک و فڵان و فیسار چییان لێ بەسەر هاتوە ؟ ناکا لە گەمی پانفارسیزم دا، زەریای فاشیزم غەرقی کردبێتن ؟! ئەگەر بە تەزبیح (تەسحێب) بیبژێرین، رەنگە بە لەقەلەق لە چوارچێوەی جوغراقیایی ئێرانی ئێستا دا، سی میلیۆن فارس بژین (یانی نزیکەی ٣٧لەسەدی حەشیمەتەکەی) ، کە ئەوانیش نزیکەی دە زاراوەی جۆربەجۆری خۆیان هەیە، بۆ وێنە مازەندەرانی بە دەگمەن لە ئیسفەهانی حاڵی دەبێ و رەشتێش بۆ سمنانی هەر وایە. بە کورتی، گشت کوردێک، زمانی کوردی بە زمانی خۆی دەزانێ، نەک فارسی و تا جێگەیەک کە من هەواڵم هەیە، تەواوی کەمایەتیە رەگەزیەکانی دیکەش، لە ئێران، زمانی دایکی خۆیان بە زمانی خۆیان دەناسن، نەک فارسی. ئەگەر جاری واش ببێ، بە فارسی قسە بکەن یا شت بخوێننەوە، بە ئیجبارە، نەک بە دڵخواز. زوربەی ترکەکانی ئێرانیش، هەزار جار تۆ بە فارسی قسەیان لەگەڵ دا بکەی، ئەوان هەر بە ترکی وەڵامت دەدەنەوە، جا حاڵی بوی، حاڵی بویی، ئەگەر نەشبوی مەیلی خوتە. رەنگە زوربەی خۆشەویستانیش، ئەو نووسراوەیەی یەکێک لە بڵاقۆکە ترکیەکانی شاری زەنگانیان بیستبێ، کە نووسیبوویان "زمانی ترکی، زمانی سێهەمی جیهانە و زمانی فارسی، زاراوەی سی و دووهەمی زمانی عەرەبی. " تەواوی کەمایەتیە نەتەوەییەکانی دیکەی ئیرانیش، ئەویندای زمان و فەرهەنگی خۆیانن - ئەگە وا نەبێ، سەیرە.

تەنانەت ماموەستا خانای قوبادی، هۆنەری رەزاشیرینی کورد، زۆر لە مێژە وتویەتی :

هەرچەن مەواتان فارسی شەکەرەن کوردی جە فارسی بەس شیرین تەرەن
مەعلوومەن لە جەور دنیای بەدئەندێش هەرکەس دڵشادەن، وە زمان وێش

٢- روونەک و ئاشکرایە، کە هیچ دانیشتویەکی نافارسی ئێران، بە فارسی بێر ناکاتەوە. هەر کەس بە زمانی خۆی بیر دەکاتەوە، مەگەر بۆ وینە تەنانەت کەڵەشێر وەک کوندەبو دەخوێنی، تا کورد بە فارسی بیر بکاتەوە.

بە لای کەمەوە، ئێستا لە باژارۆکی چکۆلەی جیهانی دا، دەبێ هەمووومان ئەم راستەقینەیە بزانین، کە بێجگە لە خۆمان، گەلی دیکە، زمانی دیکە و فەرهەنگی دیکەش هەیە، کە ئەگەر بێین، هێڵی سوور بە

سەریان دا بکێشین و حاشایان لێ بکەین، حاشامان لە خۆمان و لە بوونی خۆمان کردوە. بە تایبەت کەس چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد، ئەو کەسانەی بە چەشنێک خۆیان بە کۆنە داشداری ئێران دەزانن، بەم چەشنە بیرە پانفارسیزمە، ئاوی سارد بکەن بە سەر ئاوری تەنووری گەرمترین ویستی ڕەوای گەلی کورد دا، کە هەزارن ساڵە بە گوڕ دەسووتێ و تا گەیشتن بە دوندی ئامانج، هیچ بایەکی دژ ناتوانێ بیکوژێنێتەوە.

یەکێکیش لە ژێر لچەوە، بە دوودڵی و بۆڵەو خوتەوە، دەیوت :" بە قەولی کوردی، هێشتا سەد شوکور بە کفن دزی پێشو" - مەگەر گرفتوگیری ئەم وڵاتە فرە نەتەوییە، بەم چەشنە بۆچوونە شێڤێنیستی و سواوانە، چارە دەکرێ ؟ مەگەر ئەوانە هێشتا هەر دەڵێن، " کورد یەکێک لە عەشایری غەیور و کێشکچی غەربی ئێرانە " ! ئەگەر هەر وا دەڵێن، وەڵام ئەمەیە : پەنجا میلیۆن کورد عەشایر نیە و گەلێکی زۆر مەزنە ؛ کورد زۆر لە پێش ئەوشدا غەیور (نەترس) بێ، بیرمەندە، زانا و دەرس خوێندوە.

٢٠٠٣/٦/٢٧

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت